# حوكمی جلوبەرگێک کە وێنەی گیان داری لەسەر بێت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم الملابس التي فيها صور

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی جلوبەرگێک کە وێنەی گیان داری لەسەر بێت

**پرسیار:** ئایا حوكمی لەبەركردنی ئەو جل وبەرگانەی كە وێنەی گیان داریان لەسەره لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا چی یە؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەوره ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

دروست نی یە لەبەر كردنی ئەو جل وبەرگانەی كە وێنەی گیان لەبەریان تێدایە ، یان وێنەی گیان لەبەریان لەسەر نەخشێنراوە، ئیتر ئایا جل وبەرگی منداڵان بێت یان جلوبەرگی پیاوان و ژنان، بەڵام ئەگەر هاتوو وێنەی غەیری گیانداری لەسەر نەخشێنرا بوو قەیدی ناكات، بۆ نموونە وەك دیمەنی شاخ و دار و درەختی لەسەر بێت .

هەروەها هێشتەوەی وێنە بۆ یادگاری، بۆ كارێك نەبێت كە پێویست و زەرورەت نەبێت دروست نییە، وەكو وێنەی مامەڵەی دەرهێنان یان تازەكردنەوەی پێناس و ڕەگەزنامە و هەندێك

مامەڵەی دەوائیرەکانی حکومەت کە لەبەر زەرورەت زانایان سەردەم ڕێگایان پێداوە، یاخود بڵاوکردنەوەی وێنەی تاوانباران بۆ ناسینەوەیان لە ناو کۆمەڵگەدا، یان هەر پێویستیەکی تر کە زانایانی خاوەن ڕای پەسەند ئامارەیان بۆ کردبێت.

چونکە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی: « إنَّ الملائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتاً فيهِ صُورَةٌ » [ صحيح الجامع الصغير: ٧٢٦١ ] واتا : فریشتەی ڕەحمەت ناچێتە هیچ ماڵێکەوە کە وێنەی تێدا بێت .

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە : عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : قدم رسول الله صلى الله عليه وسلم من سفر وقد سترت بقرام لي على سهوة لي فيها تماثيل فلما رآه رسول الله صلى الله عليه وسلم هتكه وقال أشد الناس عذابا يوم القيامة الذين يضاهون بخلق الله قالت فجعلناه وسادة أو وسادتين [ رواه البخاري ومسلم] .

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) لەسەفەرێك گەڕایەوە وهاتە ماڵەوە، منیش خۆم لەگۆشەیەکی ماڵەوەدا بە پارچە

قوماشێك داپۆشى بوو كە هەندێك وێنەى لەسەر نەخشێنراو بوو، جا كاتێك پێغەمبەرى خوا (صلى اللە عليە وسلم) ئەمەى بينى لايبرد و فەرمووى : توندترين سزا لەڕۆژى دواييدا بۆ كەسانێكە كە دەيانەوێت (بەوەها كارێك بە وێنە نەخشاندن) ململانێ لەگەڵ خواى گەورەدا بكەن لە بەديهێنان و خەلق كردندا، عائيشە (خواى لێ ڕازى بێت) دەڵێت : ئەو پارچە قوماشەمان كرد بە ڕاخەرێك يان دوو ڕاخەر ، لەڕيوايەتێكى تردا هاتووە عائيشە دەڵێت: « فاتخذت منه نمرقتين فكانتا في البيت يجلس عليهما » واتا: كردم بە دوو پارچەوە، لەماڵەوە بەكار دەهێنران بۆ دانيشتن .

لەبەر ئەم بەڵگانەى باسمان كردن دروست نييە جلوبەرگێك كە وێنەى لەسەر بێت لەبەر بكرێت، يان بەكار بهێنرێت، چونكە هەڕەشەى لەسەرە، خۆ ئەگەر هەر چار نەبوو، دەبێت هەر بەركارى بهێنێت ئەوا دەبێت وێنەكەى لەسەر لابەريت يان نوقسانى بكەيت، بۆنموونە ئەگەر وێنەى ئەسپێكى لەسەر بوو، ئەوا دەتوانيت سەرەكەى لێ بكەيتەوە .

بۆیە فەتوا بۆ کەس نادەین کەوێنە بهێڵێتەوە بۆ یادگاری، وەهەرکەسێك وێنەی هێشتۆتەوە وهەڵگرتووە بۆ یادگاری ئەوا پێویستە لەسەری بیدڕێنێت ولەناوی بەرێت، ئیتر جیاوازی نی یە ئایا هەڵیواسیوە بە دیوارەوە، یاخود خستویەتی یە ناو ئەلبوومەوە، یاخود جگە لەمانە، چونکە هێشتنەوەی وێنە خەڵکی ئەو ماڵە بێ بەش دەکات لە چونە ژوورەوەی فریشتەی رەحمەت .

خوای گەورەش زاناترە .